# له بواری پاراستنی ئەمن و ئاسایشدا

# له بواری پاراستنی ئەمن و ئاسایشدا

ئاشکرایە کە دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی سەر و ماڵ و موڵکی هاووڵاتیان و جێبەجێکردنی یاسا ئەرکێکی سەرەکیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بۆ پاراستنی سەروەریی یاسا و دابینکردنی ئەمن و ئاسایشی هاووڵاتیان زۆر کار و چالاکیی گرنگ ئەنجام دراون. لە ئەنجامی هەوڵ و کۆشش و شەونخوونی دەزگا پێوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم و هاوکاری و پشتگیریی جەماوەری کوردستانەوە، هێمنی و ئەمن و ئاسایش تا ڕادەیەکی بەرز دابینکراوە و هاووڵاتیان لە گیان و ماڵ و موڵکی خۆیان دڵنیابوونە، ئەمەش زەمینەیەکی لەباری ڕەخساندووە بۆ ئەوەی بە دڵنیاییەوە ئیشوکاری خۆیان ڕاپەڕێنن و سەرمایەکانیان بۆ ئەنجامدانی پرۆژە و کاری بەنرخ و بەرهەمهێن بەکار بهێنن.

لە ساڵی ٢٠٠١دا ڕێژەی تاوان لەناو کۆمەڵدا بەڕادەیەکی بەرچاو دابەزیوە و تاوانی گەورە وەکو کوشتن یا دزی گەورە لە چاو ساڵانی پێشوو بەڕێژەی ٣٥٪ - ٤٥٪ کەم بووەتەوە، هەروەها زیاتر لە ٩٠٪ی تاوان و ڕووداوەکان بە هیممەتی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و بە هاوکاریی هاووڵاتیان ئاشکرا کراون، بێگومان ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە و نیشانەی ئەوەیە کە ئاستی کار و چالاکییەکان لەم بوارەدا پەرەسەندنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە.

ئەمەی خوارەوەش پوختەی گرنگترین کار و چالاکییەکانە لەم بوارەدا:

١- کار و کۆشش بەردەوام بووە بۆ پاراستن و جێبەجێکردنی ئازادییە گشتییەکان و پاراستنی ئەزموونی دیموکراتی گەلەکەمان و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا. ڕێنوێنی پێویست بە سەرجەم دەزگاکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ دراوە کە پابەندی تەواوی بنەما یاساییەکان و مافەکانی مرۆڤ بن.

هەر لە ڕوانگەی باوەڕبوون بە دیموکراسی و جێبەجێکردنی بەشێوەیەکی پراکتیکی لە ساڵی ڕابردوودا ٢٠ مۆڵەتی یاسایی بە ١ سەندیکا و ٦ کۆمەڵە و ٣ یەکێتی و ٥ ڕێکخراو و ٥ بنکەی ڕۆشنبیری جۆراوجۆر دراوە.

٢- چەندین خولی بەردەوامی مەشق و ڕاهێنان بۆ پیاوانی پۆلیس و ئاسایش و ئەفسەر و پلەدارانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ بەمەبەستی پێشخستنی ئاستی زانستی و پەرەپێدانی کار و چالاکییەکانیان ئەنجام دراوە.

٣- لە پێناوی باشتر بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکان و لەسەر داوای خەڵکی ناوچەکان، چەندین یەکەی کارگێڕی تازە کراونەتەوە، وەک کردنەوەی ناحیەی سمیلان لە قەزای چۆمان و ناحیەی بەحرکە لە قەزای ناوەندی هەولێر و ناحیەی جەمانکی لە ئامێدی. هەروەها جیاکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی کەلەک لە قەزای ئاکرێ و بەستنەوەی بە ناحیەی خەبات لە قەزای ناوەندیی هەولێر.

٤- بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و کارگێڕیی سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان بۆ یەکەمین جار لە هەرێمدا سەنتەری پەرەپێدانی کارگێڕی کرایەوە کە خولی یەکەمی لە ١٧/١١/٢٠٠١ دەستی پێ کرد و ٢٠ بەڕێوەبەری ناحیە تیایدا بەشدار بوون.

هەروەها بنکەی بەردەوام بۆ پێشخستنی زانیاریی کارمەندانی ئاسایش لە هەرێمدا هەیە و لەم بنکانەدا چەندین وانە و بابەتی گرنگ لە بواری یاسا و مافی مرۆڤ و کارە پسپۆڕییەکان پێشکێش دەکرێن.

٥- بایەخێکی زۆر بە کۆلیجی پۆلیس دراوە چ لە ڕووی پەرەپێدانی ئاستی زانستی خولەکان و چ لە ڕووی

دابینکردنی پێداویستییه جۆراوجۆرەکانی وەک کەلوپەل و کتێبی ڕۆشنبیری و دروستکردنی باڵەخانە و کڕینی داوودەرمان و کۆمپیوتەر و شتی تری لەم بابەتە.

**گرنگترین چالاکییەکانی ئەم کۆلیجە لە ساڵی ۲۰۰۱دا ئەمانە بوون:**

- لە ۲۰۰۱/٦/١٩دا خولی دووەمی قوتابیان کۆتایی هات و ٦٠ قوتابی بەپلەی ئەفسەر دەرچوون.
- لە ۲۰۰۱/۱/۱۲دا خولی چوارەمی کۆلیج دەستی پێ کرد و ۷۰ قوتابی لەم خولەدا بەشدارن.
- لە ۲۰۰۱/۱۲/۲۲دا بۆ یەکەم جار لە هەرێمی کوردستاندا خولی یەکەمی ئافرەتانی دەرچووی کۆلیجەکان کرایەوە کە شەش مانگ دەخایەنێت. ژمارەی وەرگیراوان ٦ قوتابییە و بە پلەی ملازم دەردەچن.
- لە ۲۰۰۱/۱۲/۲۲دا خولی سێیەمی دەرچووی کۆلیجەکان کرایەوە کە ۳٥ قوتابی لەم خولەدا وەرگیراون.
- لە ۲۰۰۱/۱۲/۲۲دا خولی پێنجەمی کۆلیجی پۆلیس کرایەوە کە ۹۲ قوتابی لەم خولەدا بەشدارن.
- دابینکردنی پێداویستییەکانی قوتابیانی خولی ئافرەتان: ٦٧.٩٦٠ دینار.
- دابینکردنی پێداویستییەکانی قوتابیانی خولی پێنجەم و خولی دەرچووانی کۆلیجەکان: ٦٠٧.٠٠٠ دینار.
- دروستکردنی ٤ هۆڵی نوستن و ژووری کۆمپیوتەر بۆ حەوانەوەی قوتابیان لەگەڵ شوورەی دەرەوەی کۆلیج: ٥٢٦.٨٤٠ دینار.
- دابینکردنی کەلوپەلی جۆراوجۆر وەک داوودەرمان و کۆمپیوتەر و کتێبی ڕۆشنبیری بە: ١٢٨.١٦٠ دینار.

٦- هەوڵی جددی دراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی قاچاغچییەکان و ڕێگەگرتن لە هێنان یان بردنە دەرەوەی کەلوپەل بەشێوەیەکی نایاسایی لە هەرێم و پاراستنی ئابووریی وڵاتەکەمان، ئەمەش لە ڕێگای دانانی بازگە و دەستەی پۆلیسی گشتی سنوور و گومرگ. لە ماوەی ساڵی ۲۰۰۱دا توانراوە ١.٢٥٣ حاڵەتی قاچاغچێتی دەستگیر بکرێن کە زیاتر لە ٢.٥ ملیۆن دینار غەرامە کراون.

٧- لە بواری ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێداندا بۆ ساڵی ۲۰۰۱ گەلێ پرۆژەی جۆراوجۆر دروستکراون یا لە ژێر جێبەجێکردندان، هەروەها کاری ئاواکردنەوە و چاککردنەوەی باڵەخانە جۆراوجۆرەکان درێژەی هەیە. تێچووی گشتی دروستکردن و ئاواکردنەوەی باڵەخانەکان ٥٨.٥٢٥.٧٧٠ دینار بووە وەک:

- دروستکردنی گرتووخانەی مەڵبەندی - قۆناغی یەکەم لە پارێزگەی دهۆک ٢٥.٩٤٥.٩٥٠ دینار.
- دروستکردنی ٤ هۆڵی نوستن و ژووری کۆمپیوتەر بۆ کۆلیجی پۆلیس: ٦٣٨.١٧٧ دینار.
- دروستکردنی ٨٥ خانوو لە دەڤەری ئامێدی لە پارێزگەی دهۆک: ٧.٨٤٦.٦٠٥ دینار.
- دروستکردنی خانووی گومرگی سەرزێڕ لە کانی ماسی: ١.٥٣٢.٢١٢ دینار.
- دروستکردنی ١٠ خانوو بۆ پزیشکان لە پارێزگەی دهۆک: ٢.٤٠٠.٤٦٦ دینار.
- دروستکردنی کۆمەڵگەی نەخۆشیی ددان لە پارێزگەی دهۆک: ١.٦٧٣.٩٧٠ دینار.
- دروستکردنی پلیکانەی یاریگەی شەقلاوە: ١٣٠.٣٢٠ دینار.
- دروستکردنی تەلاری کۆشکی هونەری: ١٣.٥٦٢.٠٠٠ دینار.
- دروست کردنی چەندین بنکەی ئاسایش و پۆلیس لە سیدەکان و دارەتوو و مێرگەسوور و شوێنی تر:

٤.١٨٢.١٩٤ دینار.

- ئاوا‌کردنه‌وه‌ی ده‌یان باڵه‌خانه‌ی جۆراوجۆر: ٦٤٣.٨٧٦ دینار.

٨- په‌له‌ کراوه‌ له‌ به‌جێهێنانی ده‌فته‌ری لێکۆڵینه‌وه‌کان له‌ بنکه‌کانی پۆلیس و ئاسایشدا بۆ ئه‌وه‌ی کێشه‌کان له‌ ماوه‌ی یاسایی خۆیاندا کۆتاییان پێ بهێنرێت و ڕه‌وانه‌ی دادگه‌ بکرێن تا به‌پێی یاسا مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵدا بکرێت و بڕیاریان له‌سه‌ر بدرێ.

٩- گرنگیی زۆر دراوه‌ به‌ ڕێکخستنی هاتوچۆی ئۆتۆمۆبێل له‌سه‌ر شه‌قام و ڕێگه‌کانی ناو شار و شارۆچکه‌کان و ڕێگا سه‌ره‌کییه‌کانی ده‌ره‌وه‌ی شاره‌کان و له‌م بواره‌دا چالاکی به‌رچاو ئه‌نجام دراوه‌ و پێشکه‌وتنی باش به‌دی هاتووه‌. هه‌روه‌ها په‌ره‌پێدانی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی هاتوچۆ و کردنه‌وه‌ی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی هاتوچۆی گشتی نیشانه‌ی بایه‌خدانی حکوومه‌تی هه‌رێمه‌ به‌ ڕێکخستنی زیاتری ئه‌و بواره‌.

بێگومان هاوکاریی هاووڵاتیانی کوردستان له‌گه‌ڵ ده‌زگا پێوه‌ندیداره‌کان و پابه‌ندبوونیان به‌ ڕێنوێنییه‌کانی هاتوچۆ جگه‌ له‌وه‌ی که‌ ڕووی شارستانی کۆمه‌ڵگه‌که‌مان ده‌رده‌خات و نیشانه‌ی پێشکه‌وتنی میلله‌ته‌که‌مانه‌، له‌ هه‌مان کاتیشدا فاکته‌رێکی گرنگه‌ بۆ که‌مکردنه‌وه‌ی ڕووداوه‌کانی ئۆتۆمۆبێل و پاراستنی گیان و ماڵی هاووڵاتیان. له‌ ساڵی ٢٠٠١دا زیاتر له‌ ٢٠ ملیۆن دینار له‌ ڕێگای مۆڵه‌تدان و کۆکردنه‌وه‌ی ڕه‌سمی جۆراوجۆره‌وه‌ به‌ده‌ست هاتووه‌.

١٠- هه‌وڵدراوه‌ هاووڵاتیانی کوردستان له‌ وه‌رگرتنی ڕه‌گه‌زنامه‌ بێ به‌ش نه‌بن و له‌ ساڵی ٢٠٠١ دا بۆ یه‌که‌مین جار زیاتر له‌ (١٠٠)هه‌زار ناسنامه‌ و ڕه‌گه‌زنامه‌ به‌ هاووڵاتیان دراوه‌.

١١- له‌سه‌ر ڕاسپارده‌ی به‌ڕێز سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیران له‌ ساڵی ٢٠٠١دا حکوومه‌تی هه‌رێمی کوردستان به‌رده‌وام بووه‌ له‌سه‌ر ته‌ملیککردنی خانوو و شوقه‌ حکومییه‌کان به‌نرخێکی هه‌رزان به‌سه‌ر هاووڵاتیاندا به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه‌:

- ٤٠٠ خانوو له‌گه‌ڵ ٩٠ شوقه‌ له‌ پارێزگه‌ی هه‌ولێر به‌سه‌ر دانیشتوانیاندا ته‌ملیک کراون. داهاتی ئه‌م هه‌نگاوه‌ ١٥.٣٧٦.٠٠٠ دینار بووه‌.
- ٢٣٥ خانوو له‌ پارێزگه‌ی دهۆک به‌سه‌ر نیشته‌جێی خانووه‌کاندا ته‌ملیک کراون به‌ پاتی ٨.٥ ملیۆن دینار.

هه‌ر له‌ هه‌مان ساڵدا ئه‌و باڵه‌خانه‌ حکومییانه‌ی که‌ هاووڵاتیان ده‌ستیان به‌سه‌ردا گرتبوو چۆڵ کراون و نیشته‌جێی باڵه‌خانه‌کانیش به‌ شێوه‌یه‌کی گونجاو قه‌ره‌بوو کراونه‌ته‌وه‌.

١٢- له‌ پێناوی بایه‌خدانی زیاتر به‌ پاراستنی ئه‌من و ئاسایشی هاووڵاتیان و ڕێکخستنی زیاتری ئیشوکاره‌کان له‌ ساڵی ٢٠٠١دا چه‌ندین بنکه‌ی پۆلیس و ئاسایش له‌ شوێن و ناوچه‌ جۆراوجۆره‌کاندا کراونه‌ته‌وه‌ وه‌ک کردنه‌وه‌ی بنکه‌ی پۆلیسی ئاشتی له‌ گه‌ڕه‌کی سوورچیان له‌ هه‌ولێر، کردنه‌وه‌ی بنکه‌ی پۆلیسی نه‌خۆشخانه‌ له‌ سۆران، کردنه‌وه‌ی بازگه‌کانی به‌ستۆڕه‌ و کۆڕێ و شاوێس و به‌حرکه‌ له‌ پارێزگه‌ی هه‌ولێر.

١٣- بۆ پاراستنی زیاتری ئه‌من و ئاسایشی هاووڵاتیان و په‌ره‌پێدانی کار و چالاکی ده‌زگاکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ له‌ ساڵی (٢٠٠١)دا به‌گشتی پاره‌ و ئیمکاناتێکی زۆر له‌سه‌ر بودجه‌ی حکوومه‌تی هه‌رێمی کوردستان سه‌رفکراوه‌ وه‌ک له‌ خواره‌وه‌دا ده‌رده‌که‌وێ:

أ- دروستکردنی باڵەخانەکان: ٥٧.٨٨١.٨٩٤ دینار.

ب- پاککردنەوەی باڵەخانەکان: ٦٤٣.٨٧٦ دینار.

ج- کرینی ١١ ئۆتۆمۆبیل بۆ پۆلیسی فریاکەوتن: ٧٠.٠٠٠ دۆلار.

د- دابینکردنی جلوبەرگی هاوینە و زستانە و قەمسەڵە بۆ کارمەندانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ: ٤.١٥٦.٧٨٩ دینار.

هـ- دابینکردنی کەلوپەلی جۆراوجۆر: ٣٢٤.٠٣٥ دینار.

و- کرێی خانوو: ٥٢.٠٠٠ دینار.

ز- کرێی ئۆتۆمۆبێل: ٤٢.٠٠٠ دینار.

ک- مەکینە و دەزگا و ئامێر: ٢٨٨.٨٠٠ دینار.

ل- ئامێری پەیوەندی بۆ پۆلیسی فریاکەوتن: ٢٧.٥٠٠ دۆلار.

م- چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبێل: ٣٨٦.٤٢١ دینار.

| ت | تفاصيل نوع الجريمة | شرطة اربيل | | | شرطة دهوك | | | المجموع الكلي | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | المسجل | المكتشف | غير المكتشف | المسجل | المكتشف | غير المكتشف | المسجل | المكتشف | غير المكتشف |
| ١ | القتل العمد | ٧٩ | ٦٤ | ١٥ | ٦٣ | ٥٥ | ٨ | ١٤٢ | ١١٩ | ٢٣ |
| ٢ | شروع بالقتل | ١٠٤ | ٩٨ | ٦ | ٣٦ | ٣٦ | – | ١٤٠ | ١٣٤ | ٦ |
| ٣ | القتل الخطأ | ٣ | ٣ | – | – | – | – | ٣ | ٣ | – |
| ٤ | حوادث مرورية مميتة | ٥٨ | ٥١ | ٧ | ٨٤ | ٨٤ | – | ١٤٢ | ١٣٥ | ٧ |
| ٥ | حوادث مرورية غير مميتة | ٥٠٥ | ٤٣٤ | ٧١ | ٣٩٣ | ٣٨٠ | ١٣ | ٨٩٨ | ٨١٤ | ٨٤ |
| ٦ | الايذاء العمد | ١,٥١٣ | ١,٤٧٧ | ٣٦ | ٥٧٢ | ٥٥٣ | ١٩ | ٢,٠٨٥ | ٢,٠٣٠ | ٥٥ |
| ٧ | الخطف | ٢٧ | ٢٦ | ١ | ١٧ | ١٧ | – | ٤٤ | ٤٣ | ١ |
| ٨ | السرقات المهمة | ١٢١ | ٦٦ | ٥٥ | ١٩١ | ١٧١ | ٢٠ | ٣١٢ | ٢٣٧ | ٧٥ |
| ٩ | السرقات البسيطة | ٣٠٥ | ٢١١ | ٩٤ | ١٩٦ | ١٨٠ | ١٦ | ٥٠١ | ٣٩١ | ١١٠ |
| ١٠ | الشروع بالسرقة | ٧ | ٦ | ١ | ١ | ١ | – | ٨ | ٧ | ١ |
| ١١ | الرشوة | – | – | – | ١ | ١ | – | ١ | ١ | – |
| ١٢ | الاختلاس | – | – | – | ١ | ١ | – | ١ | ١ | – |
| ١٣ | الاخرى غير المصنفة | ٣,٤٥٧ | ٣,٢١٩ | ٢٣٨ | ١,٣٣٤ | ١,٣١٦ | ١٨ | ٤٧٩١ | ٤,٥٣٥ | ٢٥٦ |
| | المجموع الكلي | ٦,٢٠٤ | ٥,٦٨٠ | ٥٢٤ | ٢,٩١٤ | ٢,٨١٩ | ٩٥ | ٩,١١٨ | ٨,٤٩٩ | ٦١٩ |